ئەعرەجی: ئەو ناوانەی بە جدی کاندیدن بە سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سودانی و مالیکین

بەها ئەعرەجی، ئەندامی فراکسیۆنی ئاودانکردنەوە و گەشەپەدانی پەرلەمانی، ئەمە سەشمەم جەختی کردەوە کە ئەو ناوانەی بە جدی کاندیدن بە پۆستی سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بریتین لە محەمەد شیاع سوودانی، سەرۆک وەزیرانی ئەستا و نوری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا.

ئەعرەجی بە پەی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەع بەدواداچوونی بە کردووە ڕایگەیاند: "یەکەم هەنگاوی ئیستیحقاق دەستوورییەکان تەواو کرا کە ئەویش هەڵبژاردنی دەستەی سەرکایەتی ئەنجومەنی نوێنەران و جێگرەکانی بوو"، ڕوونیشی کردەوە کە "لە ئەمڕۆوە پەویستە کەبوونەوەی جددی و بەرهەمدار ئەنجام بدرێن".

ئاماژەی بەوەش کرد: "هەمووان سوورن لەسەر ئەوەی وادە دەستوورییەکان تەنەپەڕێندرێن"، ڕاشیگەیاند: "دەرگای خەپاوتن بە سەرکایەتی کەمار کراوەتەوە و دوای ئەوە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا، سەرۆک کەمار گەورەترین فراکسیۆن ڕادەسپەرێت بە هەڵبژاردنی سەرۆک وەزیران".

ئەعرەجی جەختی کردەوە کە "ئەو ناوانەی بە جدی بە سەرکایەتی وەزیران لە ئارادان، بریتین لە محەمەد شیاع سودانی، سەرۆک وەزیران و نوری مالیکی، سەرکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا".